# شوناسی ڕەچەڵەکیانەی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست

پ.د.قادر محمد حسن
qader.hassan@su.edu.krd
کۆلێژی ئاداب /زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر

پ.ی.د.کابان عبدالکریم شێخ علی
Kaban.ali@su.edu.krd
کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان/زانکۆی سەڵاحەدین

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١
ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

## پوختەی توێژینەوە

مەسەلەی شوناسی مێژووییانەی کوردو ئەو لێکەوتانەی کە پەیوەستن بەو شوناسەو چوارچێوە بەند بوونی لەسەدەکانی ناوەراستدا ،بوارێکی گرنگی توێژینەوەیە لە شوناسی میللەتێك کە بەم ناوەو بەم تایبەتمەندیانەی کە دواتر بوونە پێکهێنەری شوناسی ،بۆ یەکەمجار لەمێژوودا لەو سەردەمەدا دەرکەوتن و خەسڵەت و ئەدگاری وایان لێکەوتەوە کە لەبونیادی شوناسی کوردیدا هەتا ئێستاش دیاراو بەکارن.ڕەچەڵەکی کوردان و ئەو زانیاریە مێژووییانەی لەبارەی بنەچەو ڕەسەنیان یاداشتکراوە، یەك لەدیارترین پێکهێنەرەکانی شوناسی کوردین لەڕوانگەی ئەوی دیکەی ناکورد، بەتایبەتی عەرەب و فارس ،هەربۆیە جیاکەرەوەی هەرە بەکاری شوناس و تایبەتمەندی هەرنەتەوەیەک ئەو ئەدگارانەن کە مۆرکی بنەچەی دیاری دەکەن. ئەم توێژینەوەیە پتر تەرخانە بۆ تاوتوێکردنی ڕەهەندی بنەچە و ڕەچەڵەك و کاریگەری لەسەر پێکهێنانی هەڵوێست و ڕوانگەی ئەوی دیکە لەمەڕ کوردو شوناسەکەیان . ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ئەکادیمی مشتومالّی باسی بنەچەو ڕەچەڵەکی کوردان وەکو پایەی هەرە گرنگی شوناسی سەربەخۆ دەکات ،دیارە بەپشت بەستن بەو گێڕانەوانەی لەسەرچاوە ئیسلامیەکاندا هاتوون، وێڕای ئەو گۆڕانکاریەی لەو مەسەلەیەدا بەپێی سەردەمەکان لە گوتاری مێژوونووسی ئیسلامی پەیوەست بە بنەچەی کوردان و دانانیان بە نەتەوەیەکی خودان خەسڵەت و تایبەتمەندی هاتونەتە گۆڕێ، بەتایبەتی دیدگای شیعە کە سەرچاوەمێژوویی و فیقهیەکانیان وەکو مژارێکی تایبەت سەیری ئەو مەسەلەیەیان کردوە.

## پێشەکی

پرسی ڕەچەڵەك و بنەچەی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، یەکێکە لەو بابەتە بایەخدارانەی کە هەتا ئێستا لە روانگەی ناسنامەو شوناسەوە، کارێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە،بایەخی ئەم مژارە لەوەدایە کە لەو سەردەمەدا کورد وەکو گەلێکی دیار و بەرچاو خەملّیبوون و بە جوداو تایبەت ناویان دێت، بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە، دەکرێ دەلاقەی نوێمان بەڕوودا بکاتەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە پێگە و پەیوەستەیی کورد لە سەدەکانی مەبەستمان لە سەدەکانی ناوەراست ئەو ماوە مێژووییە یە کەدەکەوێتە نێوان سەرەتای ئلشنابوونی کورد بە ئیسلام و شەڕی چالدیران، نێوان سەدەکانی حەوتەم و شازدەیەمی زاینی، کەمەسەلەی شوناسی کوردی و دیدی ئەوی دیکەی غەیرەکورد ،بابەتێکی بایەخدارو فرە ڕەهەندە ،چونکە بۆیەکەمجار دەرکەوتنی شوناسی کوردی بەو فۆرمەی کە تائیستاش دریژەی هەیە، لەڕاستیدا بەرهەمی ئەو قۆناغە مێژووییەیە لە توێژینەوەیەکی ئاوادا بۆمان نالوێ هەڵوەستە لەسەر هەموو ئاقارو وردەکاریەکانی پەیوەست بە شوناسی کوردی ئەو سەردەمە بکەین ،چونکە پێکهینەرو پەلو پۆیەکانی زۆرن و هێشتا پێویستی بە پشکنین وکنەکردنی زیاتر لەسەرچاوەکان هەیە و هەروەتر حەوسەلەو سەلیقەی هەروەزیانەی ئەکادیمی گەرەکە؛لەم

توێژینەوەیدا پایەیەکی گرنگی پێکهێنەری شوناسی کوردی ئەو حەلە تاوتوێ دەکەین کە بریتیە لە: :شوناسی بنەچەو ڕەچەڵەك .کە پێمان وایە هێشتا زۆر پێویستی بە توێژینەوەو هەڵسەنگاندن هەیە و بوارێکی قسەهەڵگر و فرەرەهەند و ئاقارە.

**ئامانج و میتۆدی توێژینەوە:**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لەرێگەی ســـەرەودەریکردن لەگەڵ گێڕانەوەو زانیاریە مێژووییەکانی تایبەت بە ڕەچەڵەکی کورد لە سـەدەکانی ناوەڕاست، بتوانین ئەو دەلاقە و دەلیڤانە بدۆزینەوە کە دەکرێ بە هۆیانەوە دیدی ئەو سـەردەمەی بۆ شوناسی کورد پەی پێببەین. ئەم توێژینەوەیە بە پێی میتۆدی مێژوویی شیکاری ئەنجامدراوە، بواری بنەچە و ڕەچەڵەك یان ڕەســەن وەکو پێکهێنەری بەکاری شـــوناســـی کوردی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت توێژینەوەی لەبارەوەکراوە ، هەوڵدراوە زانیاریە مێژووییەکانی نێوسەرچاوەکان بخرێنە ڕوو دواتر پۆلێن و شیکارو لەبەریەکرانانیان بۆبکرێت.

**پرسی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە خاکەڕاییانە دەیەوێت وەڵامی ئەوە بداتەوە کە : ســـەرچاوەکانی مێژووی ئیســـلامی چۆن وێنای ڕەچەڵەکی کوردیان کردوە؟ ئە و تایبەتمەندی و ئەدگارانە چن کە وەپاڵ کورد خراون؟چۆن ئەو ڕەچەڵەکە چێکراوە کاریگەری هەبووە لەسەر وێناکردنی شوناسی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان؛ لە چوار تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم تایبەتە بە ناساندنیکی پوخت لەبارەی شوناس و شوناسی بنەچەیی و مێژوویی کە دید و هەڵسەنگاندنی جیاجیاکان لە بارەیەوە خراونەتە ڕوو.هەرچی تەوەری دووەم تایبەتە بە باسی شوناسی بنەچەیی عەرەبکردی کورد، تێیدا ئەو زانیاریانە تاوتوێکراون کە شوناسی کوردیان وابەستەی عەرەب کردوە؛بەڵام لەتەوەری سێیەم دا مەسەلەی وابەستەکردنی شوناسی بنەچەیی کورد بە فارس باسوخواس لەبارەوە کراوە ؛تەوەری چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو مشتوماڵکردنی ئەو زانیاری و گێڕانەوە مێژووییانەی کە شوناسی ئەو دیو مرۆیی یان جنۆکە ئامێزیان بۆ کورد دروستکردوە، کە لەوێدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو زانیاریانە کراوەو خراونەتە ژێر تیشکی ڕەخنەی مێژوویی.

**تەوەری یەکەم/ لەبارەی شوناس و شوناسی بنەچەیی و مێژوویی :**

شوناس بە شێوەیەکی گشتی پێناسە و لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ کراون،چونکە ئاقار و بوارەکانی زۆرن، جا چ شوناسی تاك ،یان کۆمەڵایەتی،: تاقم و دەستە، یان ئەتنیك و ..هتد" بەڵام بەگشتی شوناس ئاماژەیە بۆ جودایی یان تایبەتمەندی، هەر بۆیە پێوەرەکانی جیاکاری نێوان گروپەکان ڕۆڵی خۆی هەیە؛ ئەمەش وایکردوە کە شوناسی کۆمەڵایەتی لە سۆنگەی پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە بناسرێتەوە، ئەم جوداییانەش لەنێو ڕەوتی مێژوو کەلتوردا زیاتر خۆ دەردەخەن (Harris & others ,2007,P 3 )هەربۆیە، پرۆسەی بنیادنانی شوناس لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویی تایبەتەوە دەست پێدەکات. لەم چوارچێوەیەدا، بنیاتنانی ناسنامەی مرۆڤ بریتییە لە دەستو پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەوەی کەبابای شوناس ویست کێیە؟ ئەمەش لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دیکە، ئەم داینامیکیە پەیوەندیدارانەش لە چوارچێوەیەکی دەرونی دەخەمڵن، کە لە دەوری تێرکردنی پاڵنەرە سەرەکییەکانی ناسنامەدا چڕ دەکرێنەوە. کردارگەلی بەراوردکاری کۆمەڵایەتی و خۆپۆلێنکردن تاک لە پێگە تایبەتەکانی ناسنامەدا، یارمەتیدەری فراژوبوونی شوناسن.( Vignoles,2018,p294-295)

ناسنامەی دەستەجەمعی مرۆڤ، دەکرێ سەرچاوەیەک بێت کە هەستی سەربەخۆیی بۆ دابین بکات و هەستی جیاوازی لە کەسانی دیکەی لا بخەملێنێت. ئەم ناسنامەیش یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی پێگەی مرۆڤ لەناو

کۆمەڵگادا، بەو پێیەی پێگەی خۆی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نیشان دەدات: لە کوێدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەواندا وەستاوە؟ سەر بە کام گروپە؟ پەیوەندییان بە کێوە نییە؟ لە کۆتاییدا ناسنامەی بەکۆمەڵ جۆرێک لە خۆپەسندی بۆ مرۆڤ دابین دەکات، بەو پێیەی هەست بە بەهای خۆی و گرنگی بوونی خۆی دەکات لەناو پانتایی مرۆیی دەوروبەری.(Simon,2004,p66-67 )لەم سۆنگەیەوە، ئەو دیدگایەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاست بەرامبەر بەکورد هەبوو،جۆرێك لە هەڵاواردنی بۆ چێکردبوو کە وەك شوناسێکی بۆ هەڵبەستراوی دەستەجەمعی دەخرایە ڕوو هەروەکو کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

کەواتە ڕەوتی مێژووکردی هەستکردن بە جودایی و تایبەتمەندی و هەڵاوێری، بۆ خۆی لە دیارترین ئەدگارەکانی چێبوونی شوناسە،کە یەکانگیری نێوخۆیی لەنێو خەڵکێکی دیاریکراودا دێنێتە کایەوە. هەر بۆیە،گونجاندنی داینامیکی بەشەکانی کەسایەتی و شوناس لەگەڵ هەلومەرجی جیهانی کۆمەڵایەتی گرینگە، تا مرۆڤ هەستێکی هەبێت پێکهاتوو هەم لە یەکگرتوویی ناوخۆیی و هەم لە پەیوەندییەکی مانادار بە جیهانی ڕاستەقینە. (Josselson, 1987:p 12–13) بۆیە دەکرێ بڵێین شوناس لە سە ر بنە مای هۆشیاري و ئاگا ییە وە مکومترە، چونکە زیاتر بە هۆشیارییەکی تە واوە وە گرێدراوە و هۆشیاریش لە خودی خۆیدا شوناسێکی پاک و خۆئاگاییە، جێی ئاماژەیە کە هەموو تیۆرییە ڕەگەزپەرستییەکان لەسەر بنەمای بەستنەوەی شوناس بە ڕەگەز و ڕەچەڵەکەوە دامەزراون.وە کو ئە وە ی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ڕۆژئاوا لە تیۆرییە بایۆلۆژییەکان دا رە نگی دابۆوە.(حنفي، 2012،ص 65) ئەمەش بەو مانایەیە کە شوناسی بەکۆمەڵ لە بنەڕەتدا شوناسێکی مێژووییە. واتە گشتێکی کە لتوریە بە شێوەیەکی دیار، بەو پێیەش لە چوارچێوەیەکدا جێگیر دەبێت کە لەلایەن گروپەوە داڕێژراوە و لە ڕێی نەوەکانە وە دەگوازرێتەوە و دەرکەوتە ماددی و هێماییەکانی لە: ئاوە دانی ، کولتوور، ئەدەب، بەهاکان، ئایین، زمان، مێژوو و هەموو دیاردە کانی ئەزموونی بوونگەرایی لە کات و شوێندا دەردەکەون( سعید، مج36،2008، ص 229 ) کەواتە شوناس قەوارە یە کی مێژووییە وە لەنێو دیرۆکدا چوارچێوە دەگرێت،بۆیە ناکرێ لەدەرەوەی مێژوو وێنای شوناس بکە ین .( وفاء،ع:20:2017، ص 567 )

بە وردبوونەوە لەو زانیاریانەی ئاماژەمان پێکرد، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ناسنامەی بنەچەیی پەیوەندی بە گروپێکی مرۆییەوە هەیە کە تایبەتمەندی جەستەیی، کولتووری، یان کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە، وەک ڕەنگ، ڕەگەز، یان پەیوەندی کولتووری.هەرچی ناسنامەی مێژووییە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بە پشتبەستن بە مێژووی هاوبەشیان، کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤەکان جیا دەکەنەوە. ئەم شوناسە بە تێپەڕبوونی کات، لە ڕێگەی ڕووداوە مێژووییەکان و داب و نەریت و بەهاکان و ئەزموونە هاوبەشەکانەوە پێکدێت، کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک وابەستەی یەك دەکات، جوگرافیاو زێدیش دەشێ ڕۆڵێکی هەبێت لە پێکهێنانی ناسنامەی مێژوویی، وەک ئاوەدانیەکان یان دەڤەرەکان کە پەیوەستن بە سەربوردە یان ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانەوە، ناسنامەی نەتەوەیی زۆرجار لەگەڵ شوناسی مێژوویی لە هەندێک کۆمەڵگادا دەچنەوە سەر یەک بناوانی ناسنامەیی، ناسنامەی مێژوویی لەسەر بنەمای ڕابردووی هاوبەش وپێکەوە ئەزموونکراو دامەزراوە، لەکاتێکدا ناسنامەی نەتەوەیی بەپێی تایبەتمەندی بایۆلۆجی، کولتووری یان کۆمەڵایەتی. گەڵاڵە دەبێت، بۆیە هەردو جۆری ناسنامە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، هەریەکەیان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەوی دیکە هەبێت .

sjh@univsul.edu.iq

**تەوەری دووەم / کورد و بنەچەی عەرەبی:**

بـنـەچەی کـوردان لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا یەك لەدیـارترین ئەو بناغـانەیە کە شوناسـی کـوردی لەسـەر ڕۆنـراوە، هەروەهـا یەك لە پـڕ ئاریشـەترین پرسـەکانی پەیوەسـت بە شوناسـە لەمێـژووی کـوردی ئەو سـەردەمەدا ،چـونکە لەلایەن سـەلیقەو زەینـی ڕەچەڵەکـزان و مێژوونووسـان و نووسـەرانی بەتـایبەت عەرەب بەپێـی دیـدی خۆیـان و سـەردەمەکەیان ،ئاراسـتەکراوە؛ لەوە خراپتـر ئەوەیە کە سـەرەودەری کـردن لەگەڵ ڕەچەڵەك و بـنەچەی کـوردان هەر لە چوارچێـوەی ڕەچەڵەکزانـی نەریتـی دا نەمـاوەتەوە بەڵکـو تـێکەڵ بەئەفسـانەو سـەربوردە دێرینەکـان کـراوە، بەمەش کـورد وەکـو ڕەگەزێکـی جیـاواز وا وێنـاکراوە کە بە تەواوی لەتـۆرەمەی مـرۆ نـین و جیـاوازن . ئەو گێـڕانەوە مێژووییـانەی کە لەسـەرچاوە لەمێـژینە عەرەبیەکـان دا هـاتوون، پێـدەچێت پشـتیان بەسـتبێت بەو زانیـاریە ڕەچەڵەکناسـیانەی کە لەلایەن سـەرناس و سـەربوردەزانە کۆنەکـانی نێـو پانتـایی دیرۆکنووسـی ئیسـلامی سـەرچاوەی گرتـووە ،لەوانە سـەربوردەزانان (وهـب بـن منـبه م 114ك/732ز) وە (الكلبـي م 146ك/763ز) و (سـحيم بـن حفص)ناسـراو بە ابويقظـان النسـابه(م190ك/806ز) کە بە پشـت بەسـتن بەو زانیاریـانەی کە بیسـتویانە یـان لەسـەرچاوەی- عەرەبـی- پـێش خۆیـان وەریـانگرتووە ،دەشـێ بە دامەزرێـنەری تیـۆری بەعەرەبـی زانینـی بـنەچەکەی کـوردان لەنێـو مێژوونووسـی کەونـاری عەرەبـی بناسـێنرێن (لەم بـارەیەوە بـڕوانە: بولادیـان،2013.ص 83-88؛ خليل،2012 ، ص126-128)

هەرچی سەرچاوەی تەرخانە بە بنەچەی کوردان، ئەوا ئێستا شتێکی وا لەبەردەستدا نیە کە لەو سەردەمە تایبەتکرابێت بە سـەرناسـی کوردی و بەدواداچوونی تایبەت بۆ ڕەچەڵەکەکەی،ئاماژە بەوەکراوە کە مێژوونووسـی (ابن قتيبة الدينوري م270ك/883ز) کتێبێکی داناوە بەناوی (أنسـاب الأكراد)وە یان دەگوترێت لەلایەن (ابو حنيفة الدينوري م282ك/895ز) دانراوەو لەسـەرچاوەکانی سـەردەمەکانی دواتردا ئاماژەی پێکراوە (بڕوانە: توفیق، :2007 ص7) کە بەداخەوە لەو کتێبە فەوتاوانەیە کە تەنها ناونیشـانەکەی دەزانین و تائێسـتاش ناواخنەکەی هەر نەبان ونادیارە؛هەرچەندە بەمەزەندە پێناچێت ئەو مێژوونووسـەش لە جغزی باوی سـەجەرەزانی سـەردەمەکەی سـەبارەت بەکوردان دەرچووبێت و زانیاری جیاواز لە وەی خستبێتەڕوو کەئەوکات مشتوماڵ کراوە( خضر،:2004،ص81.). چونکە جیهان بینی ئەوکات سەبارەت بە کورد و بنەچەیان هەر دەرهاویشـتەی کەلتوری باو بوو کە پتر ڕەنگدانەوەی سـەربوردەی کەوناراو گێڕانەوە ئیسـرائیلیەکان و هەروەتر ناوەندگەرایی عەرەبی بوو ،ئاشـکرایە ئەو کات زانسـتەکانی ئەتنوگرافیاو ئەنترۆپۆلۆجیا هێشـتا وادەرنەکەوتبوون کە سەرەودەری بابەتیانە لەگەڵ مژاری ڕەگەزە جۆراو جۆرەکان بکەن.

شوناسی ڕەگەزی کورد ئەو حەلە لەنێوان بەرداشی بەعەرەبزانین و بەئەفسانەکردن دا بەشێوەیەك هاڕدراوە کە جۆرێك چوارچێوەبەندی وەرگرتووە هەتا سەردەمی نوێش کاریگەریەکانی هەرماوون،پێدەچێت لەنێو مێژوونووسانی موسوڵمان (المسعودي م 346ك/957ز) لەهەموان پتر بایەخی بە کۆکردنەوەی ئەو گێڕانەوانەدابێت کەسەبارەت بەڕەچەڵەکی کوردان لەسەردەمەکەی ئەودا باو بوون،ئەو لە دوو لاپەڕەی کتێبەکەیدا چوار ڕیوایەتی سەرەکی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە ووروژاندون،هەروەها لەکۆتایشدا زانیاری خۆی سەبارەت بە خێڵە کوردەکان و بۆچوونی هەندێکیان لەبارەی وابەستەیی ڕەچەڵەکی و جوگرافی و ئاینیان خستوتەڕوو.

دوو لەو ڕیوایەتانەی مەسعودی تایبەتن بە بەعەربزانینی بنەچەی کوردان جا چ لە نەوەی (ربيعة بن نزار ) بن یان (مضر بن نزار) کە بەپێی ئەو زانیاریانە بێت لە کۆنەوە لەعەرەبان جویێ بوونەتەوەو پەنایان وەبەر چیاو چۆلان بردووەو

sjh@univsul.edu.iq

لەگەڵ فارس و عەجەمان تێکەڵ بوون ولەزمانی (عەرەبی) چوونەتەوەو زوبانیان بۆتە هی عەجەمان(2009،ج2،ص246-247.) لە دەقە عەرەبییەکە بەم شێوەیە هاتوە:

((وأما أجناس الأكراد وأنواعهم فقد تنازع الناس في بدئهم ؛ فمنهم من رأى أنهم من ربيعة بن نزار بن معد بن عدن ، انفردوا في قديم الزمان ، وانضافوا إلى الجبال والأودية ، دعتهم إلى ذلك الأنفة ، وجاوروا من هنالك من الأمم الساكنة المدن والعمائر من الأعاجم والفرس ، فحالوا عن لسانهم ، وصارت لغتهم أعجمية ؛ ولكل نوع من الأكراد لغة لهم بالكردية ، ومن الناس من رأى أنهم من مضر بن نزار ، وأنهم من ولد كرد بن مرد بن صعصعة بن هوازن ، وأنهم انفردوا في قديم الزمان لوقائع ودماء كانت بينهم وبين غسان ، ومنهم من رأى أنهم من ربيعة ومضر ، وقد اعتصموا في الجبال طلباً للمياه والمراعي فحالوا عن اللغة العربية لما جاورهم من الأمم))(2009،ج2،ص 246-247)

ئامانج لەم خستنەڕووە تاوتوێکردنی ووردەکاری زانیاریەکانی نێو ئەو گێڕانەوانە نیە کە مەسعودی لەسەرچاوەی دیکە ڕایگواستوون ،بەڵکو بۆ ئاگادار بوونە لەو ڕاستیەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەرهەق بە بنەچەی کوردان چ تێڕوانینێك باڵا دەست بوو وە ئەمە چ کاریگەریەکی هەبوو لەسەر هێنانەگۆڕی گوتارێکی وا سەبارەت بەکورد؟ کە تەنها دوو بژاردەی تێدایە ئەویش یان :بەعەرەبکردنی بنەچەی کوردانە و وابەستەکردنیانە بەنەتەوەی باڵادەست ،یان بەزۆڵ زانین و کێویکردنیانە . واتا یان جڵەوکردنێکی توندو بەخۆوە گرێدان یان وەدەرنان و خۆلێنەبان کردن.

لە سۆنگەی ئەوەی مێژوونووس (المسعودی ) لەبارەی شوناسی بنەچەو ڕەسەنی کورد خستویەتیە ڕوو گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کە هەر لە بنەڕەتدا لە نێو چوارچێوەی گشتی باسو خواسی عەرەب ئاماژەی پێکردوە،وە بابەتێکی سەرنجراکێشیش کە ورووژاندویەتی مەسەلەی زمان و بایەخی زمانە کە وای خستۆتەڕوو کوردەکان زمانیان گۆڕاوە و ئیدی بوونە خودان زمانگەلی خۆیان،ئەمەش زۆر گرینگە بۆ بونیادنانی شوناسێکی جیاواز لەو سەردەمەدا، هەروەکو توێژەرێك لەبارەی بایەخی زمان بۆ شوناس خستویەتە ڕوو کە دەڵێت زمان دوو ئەرک ئەنجام دەدا: هەم گەلێك کۆدەکاتەوە و هەم لە گەلانی دیکە جیایان دەکاتەوە. بەم شێوەیە هەر زمانێک وەک ئامرازێکی خۆدەرخستن و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە کاردەکات. هەر زمانێک، لە ڕاستیدا، هێزێکی بەستنەوە پێکدەهێنێت کە خێزانەکان ،بەرەباب، خێڵ و تەواوی گروپی نەتەوەیی بەیەکەوە دەبەستەوە. بەم شێوەیە زمان کۆگای نەتەوەیی پێکدەهێنێت. (FISHMAN,1999,p354 ) ئەمەش کۆمەکمان دەکات کە لە سۆنگەی ئاگاداربوون لە شوناسی بنەچە ،پەی بەو ئاقار و بوارانەش ببەین کە ئەو پایانە دادەمەزرێنن کە شوناسی کوردیان لەسەدەکانی ناوەڕاست لەسەر بنیادنراوە.

مەســـەلەیەکی دیکە کە مێژوونووس (المســـعودي) ســـەبارەت بە ڕەچەڵەکی کوردان وورووژاندویەتی بریتیە لە وزانیاریانەی کە ئەو وەکو ئاگادارێك و تێبینیکەرێك خســـتونیە ڕوو ،لەکۆتایی ئەو باســـەدا ئاماژەی پێکردوون کە لەدووتوێی کتێبەکەیدا بۆ کوردی تەرخانکردووە،ئەو لەوێدا ناوی چەند هۆزێکی کوردی هێناوە وەکو شـــوهجان کە ئاکنجی دەڤەرەکانی نێوان کوفەو بەسـران و سـەرزەمینی دینەوەرو هەمەدان دەگرێتەوە دەڵێ ئەوان خۆلەوەی نەبان ناکەن کە لە نەوەی (ربيعة بن نزار بن معد) ن و چەند هۆزی دیکەش وەکو :ماجردان و شـــازنجان ولورو مادنجان ومەزدنکان و...هتد بەوە ناســـراوون کە لەنەوەی (مضر بن نزار) ن (2009،ج2،ص248

ئەوەی بۆ ئێمە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە وا پێدەچێت مەسەلەی بەعەرەب زانینی بنەچەکەی کوردان هەر ڕەنگدانەوەی گوتاری زاڵ و باوی مێژوونووسی و ڕەچەڵەکناسی سەردەم نەبووە بەتەنها؛بەڵکو ئەو مەسەلەیە لەلای هەندێك لەکوردانیش

تاڕادەیەك چەسپیوە، هەندێکیان وا وێنای شوناسی خۆیان کردووە کەلە نەوەی عارەبانن وهەتا ئەو لقەشیان لە وعارەبانە دیاری کردووە کە دەچنەوە سەری..

دیارە ئەو دو کە سایەتیەی کە (المسعودي ) وەکو باپیرە گەورەی بەشێکی دیاری کوردان ناساندونی کە (ربیعة و مضر کورانی نزار)ن دو کاراکتەری ئوستوری کەوناران و نەوەی عدنان ی باپیرە گەورەی عەرەبە بەعەرببوەکانن (العرب المستعربة).( بولادیان،2013،ص91) ئەمەش پتر لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆنراوە کە نیشانی بدات لە بنەڕەتدا کورد بەعەرەب بووە دەنا بۆ خۆیان خودان بنەچەی تایبەتن.

هەر چەندە ئەو ڕیوایەتانەی مێژوونووس (المسعودي )دەرهەق بەکوردان هێناونیەوە ،تارادەیەکی زۆر ئەو تەنها گوێزەرەوەو گێڕەرەوەیان بووە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرامبەر ڕەخنەی مێژوویی، زۆر دارای بنەمایەکی پتەو نین( خلیل، 2012،ص166-168) . ئەگەرچی وەکو وێنایەکی عەقلی سەردەمەکە بایەخێکی زۆری مێژووییان هەیە.

ئەوەی کە کوردەکان جارێك وەکو نەوەی عەرەبی عەدنانی و جارێك لەتۆرەمەی عەرەبی قەحتانی دانراوون وجارێك وانیشاندراوە کە لە ئەجندان کەوتوونەتەوە، گاهێکیش کراونەتە نەوەی لێقەوماوانی ڕزگاربووی دەستی زوحاك ،بۆ خۆی تاڕادەیەك بەڵگەی ئەوەیە کەکورد لەهیچ یەك لەم ڕەگەزانە نەکەوتوونەتەوە،خاڵی هاوبەشی سەرجەم ئەو ڕیوایەتانەی لەم بارەیەوە مێژوونووس (المسعودي) تۆماری کردوون ئەوەیە کە کوردەکان خاراوی چیاو چۆڵانن و چ بۆ بژێوی و چ لەدەست ستەم و زۆرداری چیانشین و دورەپەرێز بوون و ئەمەش وایکردووە وەکو میللەتێکی خودان خەسڵەتی تایبەت دەربکەون.

بردنەوەی کوردان بۆ سەر نەسەبی عەرەبی،ڕەنگە پەیوەندی بە نەریتی عەرەبەکانەوە هەبێت کە هۆزەکان دەگەڕێننەوە بۆ ناوی کەسەکان، پێیان وابوو لای کوردیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە گەڕاندنەوەی کورد بۆ ناوە عەرەبییەکان کە لە بێژەکردندا هاوشێوەی وشەی (کورد)ن ناوەکان ڕەنگە ناوی خەیاڵی و ئەفسانەیی بن، بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە،هەروەتر ڕەنگە ململانێی بەردەوامی نێوان هەردو خێڵ و بەرەبابی عەدنانیە و قەحتانیە هۆکارێک بوو بێت بۆ هەوڵدان بە لکاندنی کورد بە نەسەبی خۆیان، بە لەبەرچاوگرتنی ناوبانگی کورد لە بەهێزی و شەڕکەری و دەستوەشێنی، بۆیە هەردووکیان دەیانویست شانازی بکەن بەوەی کورد لەوانە،ئەمەش نابێ لەوە نەبانمان بکات کە هەندێك لە بنەماڵە و دەسەڵاتدارە کوردەکان خۆیان بردۆتەوە سە رعارەبان، کە دیارە بۆ ڕەوایی دان بەدەسەڵات و خۆ بردنە پێشەوە و بەرژەوەندی بووە . (ابراهیم،2021، Sayı: 4، ص 100-102)

بابەتێکی گرینگی دیکە لەم باسوخواسانەدا ئەوەیە کە وابەستەکردنی کوردان بە چیاکانەوە واتا وەگەڕخستنی شوناسی نیشتمانیانەیە بۆیان، کەئەمە زۆر جێی بایەخە بۆ جیاکردنەوەی شوناسی ئەوی دیکەی جیاواز ،هەروەکو یەك لە توێژەرانی بواری شوناس ئاماژەی پێکردوە کە کۆمەڵەیەکی مێژوویی پێکهاتوو یان پێکهاتەیەکی ئەتنیکی و نەتەوەیی، بە خڕبووونەوەی کەسانێک پێناسە دەکرێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە یان خەیاڵییان لەگەڵ خاکێکی دیاریکراودا هەیە.( Nazir:2019,p11)ئەم پەیوەندیەی کورد بە خاك و زێدی خۆیان وایکردوە، هەندیکجار، بە هەرێمی ئاکنجی بووی خۆیان مێژوونووس (الیعقوبی ) ( 1957، ص6) هەرێمی چیاکان (اقلیم الجبال ) ی بەماڵی کوردان بناسرێن، هەروەکو کە ناساندوە.

کەواتە لێرەدا دەبێ سەرنج بخەینە سەر مەسەلەیەکی دیکە ئەویش جوگرافیا و زێدە، کە سەرجەم ئەو باسانەی کوردیان وەپاڵ ڕگەزی عارەبان خستوە (چیا) و شاخ و داخ و زەنوێری کوردستانیان بە هۆکار زانیوە کە کورد دابڕێن -لە بنەچەی بۆ هەڵبەستراویان- وە زمانی خۆیان لەبیربکەن و ئیدی بە تێپەڕینی سەردەم و زمانگەل یان زمانێکی دیکە بۆ خۆ چێکەن، ئەمە ش دەمانباتە سەر خاڵی جیاکەرەوەی هەرەکارای شوناسی کوردی ئەو حەلە، کە زمانە، لەم سۆنگەیەشەوە ئەوانەی ڕەچەڵەکی

کوردیان وا وێنا کردوە، دەیانەوێ پێمان بڵێن کە کورد هەر لە زەمان دا جوداییان دیارە،واتا خاڵی هەرە جیاکەرەوەو دەرخەری شوناسی تایبەتیانە.

ئەگەر بەو پێوەرە بێت کە (المسعودی) وەگەڕی خستوە، ئەوا میللەتە پەراوێزخراوەکان یان نادیارەکان حسابی بچوکتریان بۆ کراوەو دراونەتە پاڵ میللەتێکی دیار یان گەورەتر دەرکەوتوو لەمێژوودا ،کەئەمە لە بەعەرەب زانین یان بەفارس زانینی کورد لەو سەردەمەدا خۆی بینیوەتەوە ،کە بەدەر نەبووە لە ململانێی هەریەکە لەعەرەب و فارسەکان بۆ کێشکردنی کورد بۆبەرەی ئەتنیکی خۆیان و وابەستەکردنیان بەو شوناسەی کە ئەوان رکابەریکردنی یەکتریان لەسەر هەڵچنیوە ،بۆیە لەشیعری عەرەبی ئەو سەردەمەدا یاداشتکراوە کە :

لعمرك ما الأكراد من ابناء فارس

ولكنه كرد بن عمر بن عامر ( ابن درید،:1345ه،ج2،ص255.)

هەربۆیەش شاعیرانی کوردی ئەو سەردەمەش لەم مەسەلەیە دا قسەیان هەبووە، کە دیارترینیان (حسين بن داود البشنوی) ە کە لەساڵی (465ك/1074ز) مردووە ،لە شیعرێکی خۆیدا نووسیویە

أآل طه بلانصيب ودولة النصب في انتصاب

إن لم أجرد لها حسامي فلست من قيس في اللباب

مفاخر الكرد في جدودي ونخوة العرب في انتسابي ( الأصفهانی، 1968، ج2،ص541-542.)

لەم شیعرە دا وا دەردەکەوێت کەمەسەلەی بنەچەو إنتساب یان خۆبردنەوە سەر، دو ڕەهەندی جیاوازیان هەیە، کە ئەو شاعیرە کوردە پێشینەو باپیران و بنەچەی وەکو کورد نیشانداوە بەڵام لەهەمان کاتیشدا شانازی بەوەوە کردوە کە نەسەبی عەرەبی هەبووە ،کە ئەو کات لە سیستەمی خێڵایەتی عەرەبیدا مۆدێل بووە بەوەی کە خۆبردنەوە سەر عەرەبەکان وەکو سیستەمی موالات و پاڵپشتی و خۆدانە پاڵ بۆ ڕەوایی دان بووە بە دەسەڵاتداریەتی و خۆبینینەوە لەنێو کۆی سیستەمەکەدا .

بۆیە وای تێدەگەین، کە کورد بەهەمان دید و تێگەیشتنی عەرەبی تەماشای مەسەلەی نەسەب و ئینتسابی نەکردووە ،چونکە نەسەب لەکن عارەبان نیشانەی جیاوازی و خۆ بەجیا نیشاندان بووە،بەڵام لەپانتایی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەسەبی عەرەبی لە لای کوردان بۆ کەمکردنەوەو کاڵکردنەوەی جیاوازی و خۆهەڵاواردن بووە لەگەڵ ئەوەی دیکەی عەرەبی کە زاڵ و دەسترۆیشتوو بووە لەبوارە جیاجیاکانی ژیان و بۆ پێدانی پێگەو پایە بووە بەخود - کورد- لە قۆناغێکدا کە کورد هەڵوەدای چێکردنی شوناس و خۆ دۆزینەوە بووە لەنێو دەستکەوت و باڵایی ئەوی دیکەدا (خضر،ص97.) . چونکە لەڕاستیدا ئەو کات جگە لەمیللەتە دیارو بەناوەکان ، ئەوانی دیکە وەکو ڕەشەخەڵك و ڕەمەکی و عەوام دەناسران ،لەم بارەیەوە (الجاحظ م 255ك/868ز) نووسیویە کە میللەتانی ناوبەدەرەوەو دیاری نێو هەموو خەڵك چوارن ئەوانیش بریتین لە :عەرەب و فارس وهیند و ڕۆم، جگە لەمانە کێوی و خەڵکی وەکو ئەوانن ( 1423ه، ج1،ص130) . هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە کە وابەستەی ڕەچەڵەکی ئەوانی دیکەی جگە لەم چوار میللەتانە، لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دا لێڵ و تەمومژاویە ،کوردیش بەم پێودانگە مامەڵەی لەگەڵ کراوە .

**تەوەری سێیەم /کوردو پێدانی بنەچە و شوناسی فارسی:**

وابەستەکردنی ڕەچەڵەکی کوردان بە فارسەکانەوە یەك لە دیارترین پێکهێنەرەکانی شوناسی بنەچەیە کە ئەدەبی مێژوونووسی سەدەکانی ناوەڕاست سەرەوەدەری لەگەڵ کردووە، ئەمە ئەگەرچی مێژوویەکی دێرینی هەیەو لەوابەستەکردنی کورد بە ئوستورەی زوحاك*[i] و قوربانیانی قوتاربوی سەردەمەکەی پتر سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەوەش یاداشت کراوە کە کورد دەچنەوە سەریەك لە پادشا کەوناراکانی فارس کە باپیرە گەورەی سەرجەم گەلانی فارسە.( المسعودي،

sjh@univsul.edu.iq

1981،ص94؛الـــــــــــــــمـــــــــــــــقـــــــــــــــريـــــــــــــزي، :1997)ج1،ص101-102)

ئەوەی کە پەیوەســـتە بە ئەفســانەی زوحاك، مەســعودی دەڵێت کە وا لەو ڕزگاربوانەی لە ئەغزی زوحاك چەنگیان وەکێوان دابوو،زاوزێیان کردو و کورد لە تۆرەمەی وانە، کە خێڵی جیاجیایان لێکەوتنەوە، ئەوەشی خستۆتە سەر کە ئەو باسو خواسانە نە فارسەکان و نە مێژووزانانی کەوانارا و نویٚ ڕەتی ناکەنەوە. (2009"ج2" ص247)ڕەنگە مێژوونووس (ابن قتيبة الدينوري م 276ك/889ز) یەکەم مێژوونووس بێت کە ئەم مەسەلەیەی بە نووسین وروژاندوە و باسی ئەوەی کردوە کە کورد هەر لەوانە کەوتونەتەوە کە بە نهێنی لە دەستی زوحاك یان بیوراسف ڕزگار کراون و پەنایان بردۆتە بە ر کێوان و لەویٚ زیادیان کردوە، ئیبن قوتەیبە لەمەسەلەی وابەستەکردنیان بە فارسان دوشتی وروژاندوە یەکەمیان ئەوەیە کە نووسیویەتی عەجەم وا دەڵێن کە کورد لەو ڕزگار کراوانەی دەستی ستەمی بیوراسف یان زوحاك کەوتونەتەوە؛ دووەمیش ئەوەیە کە دەڵێت لە چیاکانی فارس زیادیان کردوە .( 1981، ص 618 ) واتا لەویٚ دەرکەوتون و بەناوچەدا بڵاو بوونەتەوە . لەلای هەندێك لەمێژوونوسانیش وا تەماشای فارسەکان کراوە، کە میللەتێکی قەوغان و گروپ و تاقمی جۆراو جۆریان لێکەوتۆتەوە وەکو :دەیلەم و جیل و کورد و...هتد( ابوالفدا، :1325ه)ج1،ص83.) هەروەکو کە فارسەکانیش لە سەدەکانی ناوەراستدا بەپێی قسەی مێژوونووس (حمزه الأصفهاني م 360ك/970ز) لەڕەهەندێکی فراوانتردا وێنای دەستەواژەی (کورد) یان کردووە کە بە دەیلەمەکانیان گوتووە کوردەکانی تەبەرستان و بە عەرەبەکانیشیان گوتووە کوردەکانی سورستان واتا عیراق (1961، ص173) . دیارە هەر ئەو دیدگایە بووە کە تاڕادەیەك پێچەوانەکەشی لەچەمکدا بۆ کورد بەکارهاتووە، ئەویش دەستەواژەی (أعراب فارس) کە بۆ وێناکردنی کورد و نیشاندانی بەوەی کە ئەعراب یان دەشتەکیەکانی فارس کە کوردەکانن بەکار هاتووە،( الطبری، :1965،ج1،ص240-241؛الرازی:،1981،ج11،ص151.) هەر چەندە لەپەیوەندی بەم مەسەلەیەوە ئاماژەی واهەیە کە مەبەست لەو کوردانەی پێیان دەڵێن (أعراب فارس ) کوردە دەشتەکیەکانی وێندەرێن،( القرطبی:1967، ج11،ص200؛ابن حيان،:1999)ج6،ص328.) ئەمەش دەچێتە خانەی خستنەپاڵی شوناسی کوردی وەکو بەشێك لە شوناسی گشتی - بەرەیی میللی فارسی ،یان بەرە گەورەکە،کە پانتایی شوناسەکە لە خستنەڕووی یەکەمیان (ریوایەتەکەی الأصفهانی) بەشێوەیەك فراوانکراوە(هەم دیموگرافیانەو هەمیش جوگرافیانە) کە تاڕادەیەك لە گوزارشتی ڕەچەڵەکی - ئەتنیکی بەتاڵکراوەتەوە و وەکو ناوێك دراوەتە پاڵ خەڵکی دیکە کە پتر ڕەهەندێکی خەسڵەتی یان سیفاتی هەیە ؛ بەڵام لە خستنەڕووی دووەمیان (ریوایەتەکەی تەبەری) تاڕادەیەك شوناسەکە بچوککراوەتەوەو دراوەتە پاڵ فارسەکان، کە دەشتەکی و ڕەوەندەکانیان وەکو کورد ناسێنراون، کەدیسان ئەمەش گوتارێکی مەزنئامێزانەیە، چۆن ئەعراب وەکو خەڵکێکی ، دیارە هەم لەمەسەلەی بنەچە سادەو ناشاری ئاکار توند وێناکراوون هەمان مۆرك و ئەدگاریش دراوەتە پاڵ کوردەکان عەرەبیەکەی کوردان و هەمیش لە دیاریکردنی بنەچە فارسیەکەیان، ئاراستەی گشتی میللەتی سەردەستەو دیار ڕۆڵی خۆی لە چەسپاندنی ئەو بۆچوونەدا بینیوە ،ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وای لە مێژوونوسێکی وەکو (العمری م749ك/1348ز) کردبێت کە وای تێبگات کورد ڕەگەزێکی تایبەتن لە جۆرێکی گشتی ((جنس خاص من نوع عام)) ( 1988،ص58)

**تەوەرەی چوارەم/کوردو پێدانی شوناسی بنەچە جنۆکەی:**

جگە لەو دو ڕیوایەتەی مێژوونووس (المسعودی ) کە پێشتر لە پەیوەندی بە بنەچەی عەرەبی کوردانەوە ئاماژەمان پێکردن،دوو ڕیوایەتەکەی دیکە تێکەڵەیەکن لەئەفسانەو سەربوردە ئیسرائیلیەکان ، کە یەکێکیان کوردەکانی بەتورەمەی شەیتان و کەنیزەکە مونافیقەکانی حەزرەتی سولەیمان داناوە و ڕیوایەتەکەی دیکەش، کوردی بردۆتەوە سەر ئەو ڕزگاربوانەی کە لەدەستی ستەمی زوحاك لەپەسیوی شاخ وداخان ماونەتەوە، دواتر زۆر بوون و بەتێپەڕینی کات میللەتی کوردیان لێکەوتۆتەوە. (2009،ج2،ص 247.) دەقەکەی بەم شیوەیەیە:(( ومن الناس من ألحقهم بإماء سليمان بن داود عليهما السلام حين سلب مالكه ووقع على إمائه المنافقات ، الشيطان المعروف بالجسد ، وعصم الله منه المؤمنات أن يقع عليهن ، فعلق منه المنافقات ، فلما ردَّ الله على سليمان مالكه ووضع تالك الإماء الحوامل من الشيطان ، قال : اكردوهن إلى الجبال والأودية ، فربتهم أمهاتهم ، وتناكحوا ، وتناسلوا ، فذلك بدء نسب الأكراد))

لە مەسەلەی بۆ داتاشینو وەگەڕخستنی شوناسیی ئەو دیو مرۆیی یان ڕونتر بڵێین جنۆکەیی بۆ کورد ،ئەدەبیاتی مێژوویی شیعە ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە،بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی فەرمودەزان و شەرعزانانی شیعە بێت گوایە کەسێك بەناوی ( أبي الربيع الشامي )**[1] پرسیاری لە ئیمامی شەشەمینی شیعەی دوازدە ئیمامی ( جعفر الصادق )(80-148ك/699-765ز) کردووە سە بارە ت بە وە ی هە ندیك لە کوردە کان لە گە ڵیان دە ژین، ئە مانیش تیکە ڵیان دە بن و کرین و فروشتنیان لە گەڵدا ئە نجامدە ن ئە ویش پێیوتووە : ئە ی ئە با ڕە بیع ، کوردە کان بوونە وە ریکن لە جنۆکە، خودا پە ردە ی لە سە ر لاداون ، تیکە ڵیان مە بن.(القمی،1404ه،ج3،ص164؛الكليني،ج5، 2007، ص 94)لەهەندێك سەرچاوەی دیکەی شیعە هاتوە کە کوردەکان تورەمەیەکن لە جندان تێکەڵیان مەبن (القمی، 1409ه،ج2، ص 287) هەر لەپەیوەندی بەم باسەوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم ڕیوایەتە لەسەردەمی ئیمام (جعفر الصادق) یش کۆنترە چونکە هەندێك ئەم بابەتەیان لە خەلیفە (عمر کوری خەتتاب 13-23ك / 634 – 644 م) گێراوەتەوە کە پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: کورد، نەوەی جنەکانن، پەردەیان لەسەر هەڵدراوە، چونکە کاتێک سلێمان سەلامی خوای لەسەر بێت، هیندوستانی داگیرکرد، هەشتا کەنیزەکی لێ کۆیلە کردن و لە دوورگەیەک نیشتەجێی کردن، ئەجندە لە دەریا وە بۆیان هاتن و سواریان بوون،چل لە کەنیزەکەکان حامیلە بوون، کە ئەو هەواڵەیان بە حەزرەتی سولەیمان گەیاند، فەرمانیکرد لەو دورگەیەی دەربکرێن و ببرێن بۆ سەرزەمینی فارس،لەوێ چل منداڵیان بوو، وەختایەك زیادیان کردو خراپەکاری و جەردەییان تەشەنەی ستاند، شکایەتی سولەیمانیان لێکردن، ئەویش فەرمانی دا کە دەربکرێن بۆ چیاو چۆڵان و هەر بۆیەش نێویان لێنراوە اکراد.( الاصفهانی، 1999،ج1، ص 426) ئەمە گێرانەوەیەکە کە وەکو فەرمایشت لە هیچ کتێبێکی فەرموودە ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەڵبەستراوەو بە هیچ شێوەیەك پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت ) لێی چاوەڕواننەکرێت قسەی ئاوا بکات و وەکو گێڕانەوەیەکی کەونارا دارای هیچ بنەمایەکی مێژوویی نیە و هەڵبەستراوی سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچیە کە کورد وەکو هێزێکی کارا لە مێژووی ئیسلامیدا ڕۆڵیان لە پەرەسەندن دابوو.

هەرچی ئەو بابەتەیە کەلە کتێبەکانی فەرموودە و فیقهی شیعەدا وروژێنراوە و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، ئەوا ئەوەی ئەم قسەیەی بە زەمانی ئیمام (جعفر الصادق) ە وە کردوە ناوی ابوربیع الشامیە کە لە سە ر ناوە کە ی ڕای جیاواز هە یە، بێگومان ئە مە ش ئاماژە و بە ڵگە یە بوئە وە ی ( ابو الربیع ) کە سایە تییە کی تە واو ناسراو نە بووە بۆیە هە ندێك لە پە ڕتوکە فە رموودە یی و فە رموودە گێڕە وانی شیعە، پشت بە ڕادە ی متمانە بوون دە بە ستن بە و کە سە ی لە وە وە و تە کە ی گێراوە تە و، نەك خودی خۆی(کریم،2015،ژ:1،ل 57) چونکە لە نێو ئاینزای شیعەدا ڕیوایەت هەڵبەستن و دانەپاڵ و قسە

sjh@univsul.edu.iq

کردن بەناوی ئیمامەکانەوە بەرادەیەك تەشەنەی سەندوە تەنانەت خودی ئیمامەکان خەڵکیان لێ ئاگادارکردۆتەوە؛ بۆیە لێرەدا یەك ئاگادارکردنەوەی ئیمام جەعفەری سادق دێنینەوە کە بە یەکێك لە شوێنکەوتوانی گوتوەو لە کتێبە نێو بەدەرەوەکانی شیعەدا ئاماژەی پێکراوە دەقەکەی بەم شێوەیەیە:(( فقال لە -ای لأبي عبدالله- الفيض: جعلني الله فداك، ما هذا الاختلاف الذي بين شيعتكم؟ قال: «وأي الاختلاف يا فيض ؟ فقال له الفيض: إني لأجلس في حلقهم بالكوفة، فأكاد أشك في اختلافهم في حديثهم، حتَّى أرجع إلى المفضل بن عمر، فيوقفني من ذلك على ما تستريح إليه نفسي، ويطمئن إليه قلبي فقال أبو عبد الله الا : «أجل، هو كما ذكرت يا فيض، إن الناس أولعوا بالكذب علينا، إنَّ الله افترض عليهم لا يريد منهم غيره ، وإني أحدث أحدهم بالحديث فلا يخرج من عندي حتى يتأوله على غير تأويله، وذلك أنهم لا يطلبون بحديثنا وبحبنا ما عند الله، وإنما يطلبون به الدنيا، وكل يُحِبُّ أن يُدعى رأساً، إنَّه ليس من عبد يرفع نفسه إلا وضعه الله، وما من عبد وضع نفسه إلا رفعه الله وشرفه" فإذا أردت بحديثنا فعليك بهذا الجالس، وأومى بيده إلى رجل من أصحابه، فسألت أصحابنا عنه فقالوا: زرارة بن أعين*[1])) .(الطوسي، 2019، ج1،ص 376) پوختەکەی ئەوەیە کە یەك لە شوێنکەوتوان کەناوی الفيض بووە لە ئیمام جەعفەری سادق ی پرسیوە کە ئەو هەموو ناکۆکی و جیاوازیە چیە لە نێوان شیعە(شوێنکەوتوانتان) چونکە لە کوفە کە لە ئەڵقە زانستیەکان دادەنیشم گومانم لەوە بۆ چێدەبێت کە قسەکانیان لێك جودان و تێکناکەنەوە، ئیمامیش لە وڵامدا دەڵێت:ئەوە وایە خەڵك شەیدای درۆکردنن بە زمانی ئێمەوە،قسەیەك بۆ یەکێك دەکەم هێشتا لە کن من نەچۆتە دەرەوە کە لێکدانەوەێکی بۆ دەکا کەمن مەبەستم بەم شێوە نەبوە،چونکە ئەوان لە قسە و خۆش ویستنی ئێمە مەبەستیان رەزامەندی خوا نیە، بەڵکو دونیا ویستیە ،هەر یەك دەیەوێت بۆ خۆی هەمەکارە بێ،هەر کەسێکیش خۆی لوت بەرزکات خوا نەنگی دەکات و هەرکەسێکیش خۆی بەکەم بگرێت خوا مەزن و شەرەفمەندی دەکات، ئەگەر دەتەوێت وتەی ڕاست و دروستی ئێمە وەربگری ئەوا لە و کەسەی وەربگرە (کە مەبەستی زرارە کوری ئەعیون بوە) .

ئەم دەقەمان بۆیە هێنایەوە بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنین کە ئەو جۆرە ڕیوایەتانەی لە گوێن بنەچەی کوردان و ناڕەوایی مامەڵەکردن لەگەڵ کورد دراونەتە پاڵ ئیمام جەعفەری سادق نادروستن، چونکە هەڵبەستراون و لە یەکێکی وەکو زرارە کوری ئەعیونەوە ڕیوایەت نەکراون کە خودی ئیمام دەڵێت قسەکانمان هەر لەو وەرگرن.

توێژەرێك پێی وایە، کە بە هوی ئە وە ی بە شێکی دیار لە فارسە کان شیعە بوون و بە لەبەرامبەردا کوردیش سوننە بوون، لێکنزیکی جوگرافیش لە نێوان کورد و فارسەکان هەبوو، دیارە ئە مە ش بووە تە هوی هاتنە ئارای ململانێ و دە مارگیریی رە گە زی و مە زهە بیی لە نێوانیاندا، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ پیادەکردنی سیاسە تی دژیوکردنی کورد لە ئایینزای شیعە دا، هەر لەم سۆنگەیەوە، پیویستە بگە ڕێینە وە بو میژووی پە یوە ندی کوردو فارس بە تایبە تیش تێکە ڵی کورد و فارس، کە دە گە ڕیتە وە بو پێش تێکە ڵبوون و دروستبوونی پە یوە ندی و بە ریە ککە وتنی هە ردووکیان لە گە ل نە تە وە ی عە رە ب.(کریم،ژ:1، 2015، ل 66) شاراوەش نیە کە بە درێژایی مێژوو زۆرجار مرۆڤەکان جیاوازییە نەتەوەییەکانیان بەکارهێناوە بۆ ڕیزبەندیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگایەک( Yang,2000,p41) واتا خستنە پاڵی شوناسێك کە ڕەنگە بژاردەی گەلەکە خۆی نەبێت، یان نیشاندانی بە شوێوەیەك کە بەکەم زانینی تێدابێت، ئەمەش تاڕادەیەك ئەو قەناعەتەمان لا دروست دەکات کە پێدەچێت بە ئەنقەست مەسەلەی بە ئەجندەکردنی کورد کرابێتە مژار و پتر بۆ لەکەدار کردن و بو غزاندنیان وەگەڕ خرابێت.

sjh@univsul.edu.iq

**ئەنجام**

دوای تاوتوێکردنی ڕەهەندی ڕەچەڵەك وەك شوناس لە دوتوێی ئەم توێژینەوەیەدا ،وە نیشاندانی چۆنیەتی کاریگەری و لێکەوتەکانی لە فۆرمۆلەکردنی شوناسی کوردی لەسەدەکانی ناوەراست لە دیدی ئەوی دیکەوە ،دەگەین بە چەند ئەنجامێك کەبەم شێوەیەی خوارەوە پوختیان دەکەینەوە:

بۆمان ڕوون بۆوە کە بنەچەی کوردان لە جیهانبینی کەلتوری سەدەکانی ناوەوڕاست دا ڕەنگدانەوەی کەلتوری زارەکی تێکەڵ لەگەڵ سەربووردەو ئەفسانە لەلایەك و، زاڵگەرایی و مەزنخوازی عەرەبی و فارسی لەلایەکی دیکە بوو ،لەم نێوانەدا، ئێمە دوو پایەی گرنگی ئاگاداربوون لە بنەچەکەی کوردانمان لەلا نادیارە، یەکێکیان دید و تێگەیشتنی کورد بوو بۆ خودی ڕەچەڵە وڕەسەنی و ئەوەی دیکە تێگەیشتنی ڕاستەقینە و واقیعی و زانستی و بابەتیانە بوو لەو ڕەچەڵەکە ،ئەمەش وایکردووە سەرەودەریکردن لەگەڵ بنەچەی کوردان وەکو یەك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی شوناسیان، لەو سەردەمەدا هەمیشە لێڵ ونەبان و لەوتاو بێت.

وابەستەکردنی بنەچەی کورد بە ڕەچەڵەکی عەرەب مەرج نییە ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی مێژوویی یان قەومی بێت، بەڵکو زۆرجار بۆ مەبەستی سیاسی یان ئایدۆلۆژی وەگەڕخراوە. ئەمەش پرسیار لەبارەی ناسنامە و سەربەخۆیی و پەیوەندی نێوان گەلانی ناوچەکە دەوروژێنێت. ڕەنگە ڕەچەڵەکی عەرەبکردی کورد هەوڵێک بووبێت بۆ پێدانی بنەمای شەرعیەت یان سەربەخۆیی لە چوارچێوەی عەرەبی-ئیسلامیدا، بەتایبەتی کە لەو سەردەمەدا "عەرەببوون" وەک توخمێکی بنەڕەتیی شوناس و سەربەخۆیی تەماشا دەکرا. لەم چوارچێوەیەدا: ڕەنگە مەبەست لێی نزیککردنەوەی کورد بێت لە ناسنامەی عەرەب.یان ئاوێتەکردنیان لە چوارچێوەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی یان ئایینیدا، شاراوەش نیە،هەندێکجار ڕەچەڵەک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەڵوێستە سیاسییەکان یان دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەی گروپی بەکاردەهێنرێت. ڕەنگە لکاندنی کورد بە عەرەبەوە لە هەندێک قۆناغدا مەبەست لێی کەمکردنەوەی پانتایی جیاوازی نەتەوەیی بێت لە نێوان عەرەب و کورد. یان بۆ جەختکردنەوە لەسەر یەکڕیزی موسڵمانان یان گەلانی ناوچەکە لەبەرامبەر (ئەوی دیکە)، ئەم لکاندنەش دەکرێ وەک جۆرێک لە سڕینەوە یان هەڵوەشاندنەوەی شوناسی نەتەوەیی سەربەخۆی کورد تێبگەین، گەلێك کە خودان زمان و کولتوور و مێژوویەکی هاوبەشە و لە عەرەب جیای دەکاتەوە. پێداگری لەسەر بەعەرەبکردنی ڕەچەڵەکی کورد ڕەنگە وەک جۆرێک لە نکۆڵیکردن لەم جیاکارییە تێبگەین.

چێکردنی ڕەچەڵەکی فارسی بۆ کورد پێدەچێت پەیوەندیداربێت بە لێکنزیکی لە نێوان کورد و فارس لە ڕووی ڕەگ و ڕیشەی زمانەوانییەوە ، بەڵام گۆڕینی ئەم پەیوەندییە زمانەوانییە بۆ ڕەچەڵەکی ئەتنیکی یان نەتەوەیی، کەمکەرەوەیە و زۆرجاریش بە سیاسی دەکرێت. کورد گەلێکە خاوەن مێژوو و ناسنامە و خەباتی خۆیەتی و پێویستە بەو پێیە تەماشای بکرێت.

مەســـەلەی بایەخدار لە مامەڵەی باوی ئەو ســـەردەمە لەتەك ڕەچەڵەك و ڕەســـەنی کوردان بریتیە لە چۆنیەتی هەڵوێســـت لەو زانیاری و ڕیوایەتانەی کەلەپەیوەندی بە ڕەچەڵەکی کوردەوە لەســـەرچاوەکاندا هاتوون ،وایدەبینین، کە تۆمارکردنی ئەو زانیاریانە بەدەرنیە لە مەبەســـتی خۆبەزۆرزانین و بەکەمگرتنی ئەوانی دیکەو هەروەتر نیشـــاندانی ئەو مەســـەلەیە وەکو ڕاستیەکی بێ گرێ وگۆڵ، ئەمەش بەئامانجی داماڵینی شوناسی ڕەچەڵەکی سەربەخۆ و دێرین لەکوردو وابەستەکردنیان بە عەرەب یان فارس ،یان بردنە دەریان لە تورەمەی ئادەمیزاد، کە ببێتە بیانوی هەژمون و دەستڕۆیشتوویان بەسەر کوردەوە.

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مەسەلەی ڕەچەڵەکی کوردان وەکو تایبەتمەندیەکی میللی و لەهەمان کاتدا پەیوەســت بە پێکهاتەی نەفســی و ڕەوانی ،لەســەرچاوە مێژووییەکانی ســەدەکانی ناوەڕاســت، بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، بە

شێوەیەك كە شوناسی شێواوی كورد لەلای هەندێك وا وێناكراوە كە ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیانی سەخت و تاقەتپڕوكێن و گردەنشینی و سروشتی هەڵەموتی و بێئیرویی چیاو چۆڵەكانە و سەرەنجام جۆرێك لەشوناسی بەرهەمهێناوە كە بەتەواوی ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕاستەقینەی كوردو تایبەتمەندیەكانی نیە و زیاتر دیدی ئەوی دیكەی غەوارەو غەیرە كوردە بۆ كورد.

**پەراویزەكان:** *[1] زوحاك: لە كەلتوری ئێرانیدا ناوی بە بیوراسب هاتوە كە كوڕی پادشایەك بوە بەناوی مرداس،دوای لەناوبردنی باوكی فەرمانڕەوایی دەكات" ئەو وەكو كەسایەتیەكی ئوستوری نێوبانگی هەیە گوایە دەستی لەگەڵ شەیتانی تێكەڵكردوەو ئەویش لە دەرفەتێكدا هەردوك شانی زوحاك ماچ دەكات ،دواتر لە و جێیانە مار دێتەدەرو لەلایەن پزیشكانەوە

ئامۆژگاری دەكریت كە پێویستە بۆ ئەوەی مارەكان داسەكنێن ڕۆژانە مێشكی دوگەنج بكاتە خۆراكی مارەكان ،گوایە زوحاك ماوەی هەزار ساڵ فەرمانڕەوایی كردوە، كەسێكی ستەمكار و ئاكار توند بووە، لەلایەن فەرەیدونەوە كۆتایی بە حوكمەكەی دیت. بڕوانە:( الفردوسی، 1932،ج1، ص 25-37)

*خلیل یان خلید كوڕی ئەوفی أبو الربیع العاملي الشامي لە یاوەرانی ئیمام جەعفەری صادق، پێش ساڵی 148ك ژیاوە ، نە پەسن كراوەو نە ڕەتیشكراوەتەوە (الخوئي، د.ت ج8،ص74- 75)

[1] *زرارة كوری ئەعین كوڕی سنسن ، یەك لە زانا ناو دارەكانی شیعەیە،لە ساڵس 80ك لە دایك بوە ، یە كێكە لە دامەزرێنەرانی فیقهی ئالوبەیت ،لە زۆر بابەتی جیاجیادا گێرانەوەی هەم لە ئیمامی باقر و هەم لە ئیمامی جەعفەری سادق هەیە، لە ساڵی 150ك / وەفاتی كردوە. ( الطوسي, ص 124)

## لیستی سەرچاوەكان:

### 1-سەرچاوە ڕەسەنەكان:

الإصفهانی، عمادالدین الكاتب محمد بن محمد صفي الدین( ت 597 ه/ 1201ز)

خریدة القصر وجریدة العصر ،تحقیق:شكري فیصل ،المطبعة الهاشمیة، القسم الخاص ببلاد الشام والجزیرة (دمشق:1968)

الجاحظ، ابو عثمان عمرو بن بحر بن محبوب( ت255ه/ 868م)

البیان والتبین،داروكتبة الهلال،(بیروت:1423ه) .

حمزة الاصفهاني ،حمزة بن الحسن (ت 360ه/ 970م)

تاریخ سني ملوك الأرض والأنبیاء،منشورات دار ومكتبة الحیاة،(بیروت:1961)

ابن حیان، محمد بن یوسف (ت 754ه/ 1353م)

التفسیر الكبیر المسمى البحر المحیط،دار احیاء التراث العربي،الطبعة الثانیة(بیروت:1999)

ابن درید، أبو بكر محمد بن الحسن الأزدي( ت321ه/933م)

جمهرة اللغة،مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانیة بحیدرآباد (الدكن:1345ه) .

الرازي، أبو عبد الله محمد بن عمر بن الحسن ( ت 606ه/ 1209م)

مفاتیح الغیب،دار الفكر للطباعة والنشر،(بیروت:1981)

الراغب الأصفهاني، أبو القاسم الحسین بن محمد (502ه، 1108م)

sjh@univsul.edu.iq

محاضرات الأدباء ومحاورات الشعراء والبلغاء، دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت 1999
الطبري، محمد بن جرير (ت 310ه/ 922م)
تاريخ الرسل والملوك،تحقيق:محمد ابوالفضل ابراهيم،دار المعارف ،الطبعة الرابعة،(القاهرة:1965)
الطوسي، ابي جعفر محمد بن الحسن (ت 460هـ/ 1067م)
اختيار معرفة الرجال المعروف برجال الكشي، تحقيق وتعليق الشيخ محمد جاسم الماجدي،مؤسسة الصادق للطباعة والنشر، تهران،2019.
الفهرست ، تصحيح وتعليق السيد محمد صادق ال بحر العلوم , المطبعة الحيدرية . الطبعة الثانية،النجف الاشرف - العراق, 1380 هـ 1960 م ملحق مع كتاب رجال الطوسي.
الفردوسى،المنصور بن الحسن ابو القاسم(ت 419ه/1020م)
الشاهنامه،الترجمة نثرا، الفتح بن على بندارى، اكمال الترجمة و التصحيح،عبدالوهاب عزام،مكتبة دار الكتب المصرية، القاهرة،1932.
ابو الفدا،عمادالدين اسماعيل بن علي (ت 732ه/1331م)
المختصر في أخبار البشر،المطبعة الحسينية،(القاهرة:1325ه) .
ابن قتيبه ، ابى محمد عبدالله بن مسلم (ت 276ه/889م)
كتاب المعارف،حققه وقدم له: ثروت عكاشة، دار المعارف، الطبعة الرابعة، القاهرة ،1981
القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري (ت 671ه/ 1272م)
الجامع لأحكام القرآن ، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر،(القاهرة:1967)
القمى، أبو جعفر محمد بن علي بن الحسين بن بابوية الشيخ الصدوق (ت ٣٨١هـ / ٩٩١م )
من لا يحضره الفقيه، تصحيح وتعليق : علي أكبر الغفاري، الطبعة الثانية، منشورات جماعة المدرسين في الحوزة العلمية في قم المقدسة. ( قم ١٤٠٤هـ )
علل الشرايع، عنى بتصحيحه والتعليق عليه، السيد فضل الله الطباطبائي اليزدي، المطبعة العلمية – قم ،1409ه.
الكليني،محمد بن يعقوب (ت 329ه/ 940م)
فروع الكافي،منشورات الفجر، بيروت، 2007
العمري، ابن فضل الله احمد بن يحيى(ت 747ه/ 1346م)

التعريف بالمصطلح الشريف، تحقيق:محمد حسين شمس الدين،دار الكتب العلمية،(بيروت:1988)
المسعودي،ابو الحسن علي بن الحسين(ت 346ه/957م)
التنبيه والأشراف،منشورات دار ومكتبة الهلال،(بيروت:1981)
مروج الذهب ومعادن الجوهر،شركة القدس للتصدير،مطبعة المدني،(القاهرة:2009)
المقريزي،تقي الدين احمد بن علي (ت 845ه/1442م)
السلوك لمعرفة دول الملوك،تحقيق:محمد عبدالقادر عطا،دار الكتب العلمية،(بيروت:1997)
اليعقوبى ،أبو العباس أحمد بن إسحٰق بن جعفر (ت 292ه/904م)
كتاب البلدان،المطبعة الحيدرية ،الطبعة الثالثة،(النجف ألأشرف:1957)

**2-ژێدەرەکان :**

أ-کتێب بە زمانی عەرەبی:

بولاديان،أرشاك، 2013، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية،ترجمه عن الأرمنية:الكسندر كشيشيان،دار ئاراس للطباعة والنشر،ط2،اربيل..

توفيق، زرار صديق ، 2007،القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط،مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر،مطبعة مؤسسة آراس، اربيل.

حسن ،2012، الهوية ،المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة..حنفي،

خضر، حيدر لشكرى، 2004،الكرد في المعرفة التاريخية الإسلامية،دار سثيريز للطباعة والنشر،مطبعة وزارة التربية، اربيل .

خليل،أحمد محمود ، 2012، صورة الكرد في مصادر التراث الإسلامي،دار آراس للطباعة والنشر، اربيل.

الخوئي، ابوالقاسم الموسوى،د.ت. معجم رجال الحديث و تفضيل طبقات الرواة،النجف الأشرف.

**ب-کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

. -FISHMAN, JOSHUA A. (Edit),1999, Language & Ethnic Identity, Oxford University Press

-Harris, Michelle, Martin Nakata and Bronwyn Carlson(Edit ),2007, The Politics of Identity: Emerging Indigeneity, UTSePress Broadway NSW

Josselson, R. (1987). Finding Herself: Pathways to Identity Development ,in Women. San Francisco

-Nazir ,Nurgiss,2019, Conceptualization of Ethnicity and Identity Formation, Asian Review of .Social Sciences, Vol.8 No.2

-Simon, Bernd,2004, Identity in Modern Society: A Social Psychological Perspective Oxford: ,Blackwell

-Vignoles ,Vivian L,2018, Identity: Personal AND Social, in : The Oxford Handbook of Personality and Social Psychology (2nd edn) edited by Kay Deaux and Mark Snyder

-Yang, Philip Q. 2000, Ethnic Studies: Issues and Approaches, State University of New York Press

**ج- گۆڤارەکان :**

إبراهيم إبراهيم، 2021، آراء في أصل الكرد في المصنّفات الجغرافية خلال العصر المملوكي(648-922ه/1250-1517م)
Kadim Hikmet Uluslararası Sosyal Bilimler Dergisi - Sayı: 4 - Yıl: 2021 – Haziran

sjh@univsul.edu.iq

. سعيد،أرلق ،2008، مدارات المنفتح والمنغلق في التشكلات الدلالية والتاريخية لمفهوم الهوية ، مجلة عالم الفكر العدد 4 المجلد 36 أفريل .

وفاء، بن طراد ، 2017، قراءات في مفهوم الهوية ومكوناتها: اللغة الدين. الثقافة، حوليات جامعة قالمة للعلوم الاجتماعية والإنسانية العدد 20 .

كريم ،بختيار عبدالله، 2015، كورد له پاشخانى مه عريفه ى ئايينى شيعه دا،گوڤارى زانكوى گه رميان، ژماره (1)

**الملخص**

ان قضية الهوية التاريخية الكردية والآثار المترتبة عليها و تحديد إطارها في العصور الوسطى، تعد مجالا واسعا و مهما في فهم أطر و محددات هوية أمة ظهرت لأول مرة في التاريخ بهذا الاسم و خصائص، وذلك لأن معضلة الأصل الكردي في المصادر التاريخية للعصور الوسطى والمعلومات التاريخية عن أصلهم من المواضيع الشائكة التي تدور حولها مناقشات و مباحثات عديدة لأنها تمت تأطيرها و قولبتها وفق تصورات ورؤى عربية و فارسية بعيدة عن الموضوعية و الحيادية .

خصص هذا البحث بشكل رئيسي لمناقشة بعد و مكونات الهوية الكردية من وجهة نظر الشعوب غير الكردية الأخرى، وخاصة العرب والفرس. . وأثر ذلك في تشكيل اتجاهات ووجهات نظر الآخرين حول الكرد وهويتهم. تتناول هذه الدراسة من وجهة نظر اكاديمية الأصل الكردي باعتباره أهم ركائز الهوية المستقلة، وذلك استنادا إلى الروايات الواردة في المصادر الإسلامية، على الرغم من تغيرات القضية حسب العصر في خطاب المؤرخين الإسلاميين المتعلق بالأصل الكردي.، وخاصة الرأي الشيعي، الذي اعتبرت مصادره التاريخية والفقهية هذه القضية قضية خاصة و متميزة.

**Abstract**

The issue of Kurdish historical identity, its implications, and defining its framework in the Middle Ages is a broad and important field for understanding the frameworks and determinants of the identity of a nation that first appeared in history with this name and characteristics. This is because the dilemma of Kurdish origin in medieval historical sources and historical information about their origins is a thorny topic that has generated numerous discussions and debates. This is because they have been framed and molded according to Arab and Persian perceptions and visions that are far from objective and neutral.

This research is primarily devoted to discussing the dimensions and components of Kurdish identity from the perspectives of other non-Kurdish peoples, especially Arabs and Persians, and the impact this has had on shaping the attitudes and perspectives of others regarding the Kurds and their identity. This study, from an academic perspective, addresses Kurdish origin as the most important pillar of an independent identity, based on narratives contained in Islamic sources, despite the changes in the discourse of Islamic historians regarding Kurdish origin over time, especially Shiite opinion, whose historical and jurisprudential sources considered this issue a special and distinct issue.

sjh@univsul.edu.iq